محەمەدی حاجی مەحموود لەگوڵخانە لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق کۆدەبێتەوە

محەمەد حاجی مەحموود پێشوازی لە سەرۆک کۆماری عێراق دەکات.

محەمەد حاجی مەحموود، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کارگێرانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لە گوندی گوڵخانەی بناری سورەن لە میوانخانەی ئاشتی پێشوازیان کرد لە دکتۆر لەتیف رەشید سەرۆک کۆماری عێراق.

لە دیدارەکەدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پارتی سۆسیالیست، گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان کرا، کاک حەمە، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان وێڕای سوپاسی سەرۆککۆمار داوای کرد کە وەک سەرۆککۆمار ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە چارەسەری کێشەی ئێشەیی مووچەو ماف دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ببینێت، هەروەها محەمەد حاجی مەحموود سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان جەختیکردەوە کە پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی مامەڵە لەگەڵ گەلانکاریەکانی ناوچەکەدا بن.

لەلای خۆیەوە، سەرۆك کۆمار ڕۆڵی محەمەد حاجی مەحموود سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستانی لە گەڕانی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە گرنگ وەسف کرد و خوازیاری بەردەوامی بینینی ڕۆڵی

خیان کرد بۆ یەکیزی نەوماڵی کورد.